# ١٥ ـ چەرمەسەرانی

جاری وا ئەبیت چەند منداڵێك چولەكەیێكی زیندوو لە هێلانە دەر ئەهێنن ، یا بە هەر جۆرێك بكەوێتە دەستیانەوە؟ پێستی سەری ئەم چۆلەكەیە لە سێ لاوە ئەبڕن تەنیا پێشەوەكەی نەبێت ، پێستەكە وەر ئەگێڕنەوە سەر چاوی‌و هەڵی ئەدەن بۆ ئاسمان ، چۆلەكەی بەسەزمان لە ئاسمانا ئەفڕێت‌و چاوی هیچ نابینێ !. گەلێك خۆی لە دارو دیوار ئەدا تا گێژ ئەبێ‌و ئەكەوێتە خوارەوە . منداڵەكان بە ڕاكردن بۆی ئەچن هەڵی ئەگرنەوە ، پاش نەختێ كە دێتەوە هۆش خۆی دوو بارە هەڵی ئەدەنەوە

---

(٥) تیلكە مەسوسی : یەكێك تێ ئەكەوێ‌و چاوی ئەبەستەوە ئەمجا گاڵتەی پێ ئەكەن‌و هەر یەكە لە پرد بوی هەلكەوێت تیلكێكی لێ ئەدات . ئەمە حالێتی هەتا یەكێك ئەگرێت‌و خۆی ڕزگار ئەكات ، گیراوەكە لە جێگای ئەوا چاوی ئەبەسترێتەوە .

بۆ ئاسمان . ئەم جارەش دەردەکەی جاری پێشوو ئەخواتەوەو ئەکەوێتەوە خوارەوە . چەند جارێ ئەم دەردە سەرییەی پێ ئەکەن ، تا چۆلەکەی بەسەزمان هەندەی خۆی لە دارو دیوار ئەدات‌و ئازار ئەبینێت ، بەم جۆرە خۆی ئەکوژێ .

لە بەر ئەوە چەرمە سەرانی بۆ وێنە بە ئازارێکی زۆر سەخت ئەووترێ ، کە ئەڵێن : « فیسار چەرمە سەرانەی بە فیسکە کرد » . واتە ئازارێکی زۆری پێی داوە کە لە گیانی خۆیا بێزاری کردووە .